# دەربارەی گەڕۆکبوونی مرۆڤ

دیلان قادر



٢٢ی تشرینی یەکەم، ٢٠٢١   وتار

لەنێو ئەو هەوڵانەی بۆ پێناسەکردنی مرۆڤ دراون، مرۆڤ وەک ئاژەڵێکی کۆمەڵایەتی، مرۆڤ وەک خاوەنی زمان، مرۆڤ وەک خاوەنی هۆشمەندی

و مرۆڤ وەک هونەرساز و ئامێرساز، هەوڵێکی جودا لەو تێڕوانینەیە هەیە کە مرۆڤ وەکوو گەڕۆکێک دەبینێت، وەکوو بوونەوەرێکی جێ بە خۆ نەگرتوو، وەکو زیندەوەرێک کە شوێنگۆڕین هەم مەرجی مانەوەیەتی لە ژیاندا هەم پێشمەرجی تێگەیشتنییەتی لە ئازادی. گرنگییەکی ئەم تەماشاکردنە بۆ مرۆڤ لەوەدایە مرۆڤ لە بوونەوەرانی دیکە جیا ناکاتەوە، وەک زۆرێک لە پێناسەکان هەوڵیان بۆ داوە و کورتیان هێناوە یاخود بەهەڵەدا چوون، چونکە گیانەوەرانی تر هەن کە کۆمەڵایەتین، کە زمانێکی تایبەت بە خۆیان هەیە، کە بیر دەکەنەوە و هەستوسۆزیان هەیە، کە ئاگاداری دۆخی خۆیان و چواردەوریانن، کە جیهانی چواردەوریان دەڕازێننەوە و ئامێریش دروست دەکەن. گەڕۆکبوون کەمتر پێناسەیەکە و زیاتر دۆخێکی پێویستە، سیفەتێکە کە ئەگەر ڕێگری لە پیادەکردنی بگرێت هەست دەکەین نەک تەنها ئازادیمان، بەڵکوو بوونمان پێشێل کراوە.

یەکێک لەو مامۆستا لەیادنەکراوانەی ژیانم کە چەندین ساڵ پێش ئێستا ڕێم لێکەوت قسەیەکی کرد بۆ ماوەیەکی زۆر لەگەڵمدا مایەوە. مامۆستاکەم وتی باوکی پێی وتووە لە ژیاندا دوو جۆر مرۆڤ هەن، ئەوانەی دەمێننەوە و ئەوانەی دەڕۆن. مامۆستاکەم دیاربوو زۆر باوەڕی بەو قسەیە بوو، بە خۆی و ڕیشە سپییەکەیەوە لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا لە ئێرنست هێمنگوای دەکرد، کاتێکیش قسەکەی کرد لە هێمنگوایەکی بزە لەسەر لێوی دەکرد کە لە قووڵاییی ئەزموونی خۆیەوە شتێک لە ژیرێتی بە کەسێکی گەنجتر بگەیەنێت. ئەو خۆی کەسێک بوو ماڵەوەی بەجێ هێشتبوو، لە ئەمریکا لەو ویلایەتەی تێیدا گەورە ببوو گواستبوویەوە بۆ ویلایەتێکی تر، بۆ شارێکی تر و ژیانێکی تر، لە کاتێکدا تاقە براکەی لە ماڵەوە و لە هەمان شار کە تیایدا لەدایک ببوو مابوویەوە. قسەی ئەو مامۆستایە لە بیرمدا مایەوە چونکە ئایا بە ڕاستی وەها نەبوو، ئایا لە ژیاندا ئەو دوو جۆرە مرۆڤە بە ئاسانی نەدەبینرانەوە؟ کەسانێک کە کۆچ دەکەن و دەڕۆن، کەسانێکیش کە لەسەر ماڵ دەمێننەوە و خاک و زێد بەجێ ناهێڵن؟ بەڵام هەر لە سەرەتاوە بێ ئەوەی بتوانم دەستنیشانی بکەم کێشەم لەگەڵ ئەو دابەشکردنەدا هەبوو. دابەشکارییەکە تەنها بڕێک ڕاستی لە خۆی دەگرت و وەکوو دابەشکارییە دوانەییەکان هەڵگری سادەخوازییەک بوو کە تێگەیشتن لێی ئاسانە، بەڵام لێکدانەوەیەکی چڕ نین. ئەوانەمان کە دەڕۆین بە شێوازی جیاواز دەڕۆین و هەروەها مەحاڵە بە تەواوی لەو جێیەی لێیەوە هاتووین دابڕێین و هەندێکمان دەگەڕێینەوە، ئەوانەشمان کە دەمێنینەوە مەحاڵە لە یەک پنت و لە یەک ژووردا بمێنینەوە چونکە مرۆڤ هەمیشە لە

جێگۆڕکێدایە، تەنانەت گەر ئەو جێگۆڕکێیە هاتوچۆ بێت لەنێوانماڵەوە و دووکانێکدا، لەنێوان ماڵەوە و پارکێکدا. تەنانەت لەو بارانەشدا کە کەسانێک هەرگیز ئەو شـــوێنە بەجێ ناهێڵن کە تیایدا لەدایک دەبن، مانەوە و ژیان و بەردەوامیی ئەو کەســـانە بەســـتراوە بە هاتوچۆی مرۆڤ و شـــتومەک و دواجار بە گەڕۆکبوونی ئەوانی تر.

پرسیاری ئەوەی بۆچی مرۆڤ ماڵ بەجێ دەهێڵێت پرسیارێکی نوێ نییە و مرۆڤ بە هۆی چەندین هۆکاری جیاواز ســـەفەر دەکات و بە گەڕانێکی خێرای ئینتەرنێت دەتوانین بە پاڵنەرەکانی ســەفەرکردن ئاشــنا بین، ئەوەی بە لای منەوە پرســـیارە ئەوەیە جۆرەکانی گەڕۆکبوون چۆن لە ئەدەبیاتدا ڕەنگیـان داوەتەوە و پەیوەنـدیی نێوان ئـازادی و گەڕۆکبوون لە کوێدایە؟ ئەدەبیاتی جیهان ســـەروکاری لەگەڵ چەندین جۆری گەڕۆکبووندا هەیە و من دوو جۆر لە گەڕۆکبوون بەســـەردەکەمەوە کە تا ڕادەیەک پێچەوانەی یەکترن و لە دوو دونیابینیی جیاوازەوە لەدایک دەبن.

گەڕۆکبوونی یەکەم لە ئەفسـانەی ئۆدیسـەی هۆمیرۆسـدا خۆی دەبینێتەوە، چیرۆکێک کە نزیکەی دە ســەدە بەســەر داڕشــتنیدا تێپەڕیوە و یەکێکە لەو تێکســتە دەوڵەمەندانەی هەتاوەکوو ئێســتا ئیلهامبەخشــە و ڕەنگە یەکێک لە بـاشـــترین نموونەکـانی گەڕۆکبوون لە خۆی بگرێـت کە گەڕۆکبوونی سـەپێنراوە. لەو ئەفسـانەدا ئۆدیسـیۆسـی پاشـای ئیسـاکا و داڕێژەری پلانی ئەســـپی تەڕوادە کە دواجار بە هۆیەوە بەرەی هێزەکانی دژ بە تەڕوادە دەڕۆنە شاری تەڕوادە و پاریسی کوڕی پاشای تەڕوادە دەکوژن و هێلینی قەشــەنگ بۆ مێردەکەی دەگەڕێننەوە، دوای کۆتاییهاتنی دە ســاڵ لە جەنگ ئۆدیســیۆس دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ ماڵ و زێدی خۆی و گەیشــتنەوەی بە ماڵەوە دە ســاڵ درێژە دەکێشــێت، دە ســاڵێکی تەژی بە چەرمەســـەری و خۆشـــڕابواردن، بە ڕێکردن بە تەنیشـــتی مەرگدا و بە ژیانکردن لەگەڵ پەرییەکدا.

ئۆدیســـیۆس و هاوەڵە جەنگاوەرەکانی لە ڕێگەی گەڕانەوەیان بۆ ئیســـاکا ڕێیان لە دورگەیەک دەکەوێت و لەوێ دەچنە نێو ئەشـکەوتێکەوە و ئەوەی بە بەدبەختیی ئۆدیسیۆس ناسراوە لەوێوە دەست پێ دەکات. ئەو بە گوێی پیاوەکانی ناکات کە دەیانەوێت بگەڕێنەوە بۆ کەشـــتییەکەیان و بەردەوامی بە گەشـــتەکەیـان بـدەن، بەڵکوو فزوڵیەتی ئەوەی هەیە بزانێـت کێ لە ئەشـــکەوتەکەدا دەژی. ئەوەی لە ئەشـــکەوتەکەدا دەژی ســـــایکلۆپێکە،

زەبەلاحێک لە نەوەی خواوەند ئۆرانۆس و گایا، سـایکلۆپێکی یەک چاو کە دوای ئەوەی بۆ هەڵهاتن لە دەسـتی گروپەکەی ئۆدیسـیۆس چاوی کوێر دەکەن، بە هـاوارکردن داوا لە خوداوەنـدی دەریـا پۆسـایـدن دەکـات گەشـتەکەی ئۆدیسـیۆس پڕ بکات لە چەرمەسـەری و بە تەنها بگەڕێتەوە و لە بری بەخێرهاتنەوە ئەوەی پێشوازی لێ دەکات مەترسی بێت.

ئۆدیسـیۆس وەکو کارەکتەرێکی زیرەک و فێڵزانی ناو ئەدەبیات ناسـراوە و خۆشـەویستی بۆ ژن و منداڵ و خاکەکەی وەها توند ژیانی ئاڕاستە دەکات کردوویەتی بە یەکێک لە سـەرنجراکێشـترین کارەکتەرەکانی مێژووی ئەدەبیات، کەچی سـەرەڕای بیرتیژیی و نەبەردی و خۆشـەویستییەکەی لە تورەییی خوداوەندەکان بەدەر نییە، فانییەکە نـاتوانێت لە چـارەنووسـی هەڵبێـت و دەبێـت بچێتە دونیـای مردووان تەنهـا بۆ ئەوەی لە ڕێگەی فاڵبێژێکەوە بزانێت چۆن دەتوانێت بە چارەنووسـیدا تێپەڕێت و بگەڕێتەوە ماڵەوە. بە هۆی ڕێگریەکانی پۆسـایدن، ئۆدیسـیۆس دە سـاڵ لە هەوڵی گەڕانەوەدا دەبێت، هەر جارێکیش لە دوورگەی ئیسـاکا نزیک دەبێتەوە ڕووداوێک دووری دەخاتەوە. لە ماوەی گەشـتەکەیدا ئۆدیسـیۆس حەوت سـاڵ لەسـەر دوورگەیەک لەگەڵ کالیپسـۆی پەریدا بەسـەر دەبات کە ئۆدیسـیۆس دەکەوێتە ژێر کاریگەری جوانییەکەی و گۆرانی چڕینی و ئەو هەموو هەسـتوسـۆزەی پێی دەبەخشـێت. کالیپسـۆ ناهێڵێت ئۆدیۆسـیۆس دورگەکە بەجێ بهێڵێت و دەخوازێت ئۆدیسـیۆس ببێت بە مێردی و لە بەرامبەردا بەڵێنی نەمری پێ دەدات. ئۆدیسـیۆس ژیـانی نەمری ڕەت دەکاتەوە و ئەم قۆناغەی گەشـتەکەی سـووربوونی ئۆدیسـیۆس دەردەخات بەوەی بە هەر نرخێک بێت دەیەوێت کوڕەکەی ببینێتەوە کە بە منـداڵی بەجێی هێشـتووە، بێئەندازە بیری ژنەکەی دەکـات و تـامەزرۆی ئەوەیە هەوای ئیسـاکا هەڵبمژێت و لەوێ لەنێو خێزانەکەی و لەسـەر ئەو خاکەی تیایدا گەورە بووە بە پیریتی بمرێت. ئۆدیسـیۆس بە کالیپسـۆ دەڵێت دەزانێت ژنەکەی لە کالیپسـۆ جوانتر نییە، دەزانێت فانییە و پیر دەبێت و جوانی و گەنجێتییەکەی نامێنێت و ڕۆژێک دەمرێت، سـەرەڕای ئەوانەش دەیەوێت پێی بگاتەوە و پاشـماوەی ژیانی لەگەڵ ئەودا بەسـەر بەرێت. ئۆدیسـیۆس دواجار بە دەسـتێوەردانی چەند خوداوەندێک دەتوانێت زیندانە خۆشەکەی کالیپسۆ بەجێ بهێڵێت و بگەڕێتەوە ئیساکا.

گەیشـتنەوەی ئۆدیسـیۆس بە ئیسـاکا کۆتاییی گەشـتەکەی نییە. ڕاسـتە چیدیکە پێویست ناکات بە دەریادا گەشت بکات، بەڵام ناتوانێت بە سادەیی

بچێتەوە ماڵەوە و وەکوو جاران بە پادشـــا و بە مێرد بناســـرێتەوە. ئەو بیســت ســاڵ بەســەر ڕۆیشــتنیدا تێپەڕیوە، کەســانێکی زۆر بە مردووی دادەنێن و ژمارەیەک خوازبێنیکەری ژنەکەی، پێنێلۆپی، لە ماڵەکەیدا دەژین، لە مەڕ و ماڵاتی دەخۆن و لە شـــەرابی دەخۆنەوە و تاویان بۆ ژنەکەی هێناوە یەکێکیان وەکوو مێرد هەڵبژێرێت. پێنێلۆپی پێشـــنیاری پێشـــبڕکێی تیروکەوان بۆ خوازبێنیکەرانی دەکات و دەڵێت گەر هەر کـامیـان بتوانن کەوانەکە ببەستنەوە و تیرێک بە نێو دوانزە بازنەدا بهاوێژن هاوسەرگیریی لەگەڵ ئەو کەســـەدا دەکات. هیچ یەک لە خوازبێنیکەران ناتوانن تەنانەت پەتی کەوانەکە ببەســـتنەوە. ئۆدیســـیۆس کە لەوێیە و لە جلوبەرگی ســوالکەرێکی پیردایە، کەوانە دێرینەکەی خۆی بە ئاســانی دەبەســتێتەوە و بە ســەرکەوتوویی تیرێک بەنێو بازنەکاندا دەهاوێژێت. پاشــان دەمودەســت لەگەڵ کوڕەکەی لەنێو هۆڵی ماڵەکەیدا هەموو خوازبێنیکەران دەکوژێت.

ئەوەی ئۆدیسـیۆس دەخرێتە بەر تاقیکاری تیرئەندازی جێگای تێڕامانە. ئەو لە ماڵی خۆیدایە، کەچی ناتوانێت بە سادەیی بچێتە مەکانەتی پێشووتری و پێویسـتی بەوەیە لێهاتوویی خۆی بسـەلمێنێت. مرۆڤی گەڕۆک کەسـێکە بە هەر جێیەک بگات دەبێت خۆی بســـەلمێنێت، تەنانەت بە گەڕانەوەشـــی بۆ زێدی خۆی. ئەو بە ئاســانی ناتوانێت ژیانە کۆنەکەی بە دەســت بهێنێتەوە، هەر بۆیە پێویســـتە بە تاقیکاریدا تێپەڕێت. مرۆڤ کاتێک ســـەفەر دەکات بەشـــێکی زۆری ئەو جێگەیەی بەجێی دەهێڵێت لەگەڵ خۆیدا دەبات و لە یـادەوەریـدا دەیهێڵێتەوە، بەڵام بە لای ئەو کەســـانەی کە دەمێننەوە ئەو بۆشاییەی کەسی گەڕۆک دروستی دەکات بە تێپەڕینی کات پڕ دەبێتەوە و ئەو کەسـانە بەردەوام دەبن لە ژیانی خۆیان. بۆشـاییەکەی کەسـی گەڕۆک کاڵ دەبێتەوە و بە کەسی تر و ڕووداوی تر پڕ دەبێتەوە و هەندێ جاریش لەیاد دەکرێت. ئۆدیسیۆس شێوەی گۆڕاوە و هەڵکشانی تەمەن بە ڕوویەوە دیارە، ڕۆیشـــتنی کاتێکی وەها درێژی بەســـەردا تێپەڕیوە پێنێلۆپی ژیانی خۆی لە ســـایەی ئەو ڕۆیشـــتنەدا درێژە پێداوە و دایڕشـــتووە، هەر بۆیە گومانی هەیە ئەو کەســەی بەردەمی کە پێی دەڵێت من مێردتم ئۆدیسـیۆس بێت. هەر بۆیە پێنێلۆپیش ڕاستەوخۆ ئۆدیسـۆس دەخاتە بەردەم تاقیکاری. پێنێلۆپی پێی دەڵێت دەبێت تەختخەوەکەی جیابکاتەوە و لە ژوورێکی تر بخەوێت، ئۆدیســیۆســیش پێی دەڵێت تەختەخەوەکە لە لقی دار زەیتوونێک دروســتکراوە کە درێژکراوەی ئەو دار زەیتوونەیە ماڵەکەی بە چواردەوردا بونیاد نراوە و ناگوازرێتەوە. ئیتر پێنێلۆپی بەو شــێوەیە دڵنیا دەبێتەوە کە ئەوە ئۆدیسیۆس خۆیەتی چونکە تەنها ئەو دوانە ئەو نهێنییە دەزانن.

ئەوەی ئۆدیســـــیوس بە کـارەکتەرێکی زینـدوو دەهێڵێتەوە تـا ڕادەیەک پەیوەســـــتە بە کۆڵنەدانی بۆ گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە. ئەو لە دنیادا لە هەموو شـتێک زیاتر دەیویســت بە خێزانەکەی ئاشـنا بێتەوە و بگەڕێتەوە بۆ ئەو ژیانەی بەجێی هێشـــتبوو. ئەو هەر لە ســــەرەتای ســــەرهەڵدانی جەنگی تەڕوادە نەیدەویست دورگەکەی بەجێ بهێڵێت. کاتێک ئەفسەرێکی مێنالوسی پاشای سپارتا کە هێلنی ژنی لە دەستدابوو، دەگات بە دورگەکە بۆ ئەوەی داوا لە ئۆدیسیۆس بکات بەشداری شەڕ بکات، ئۆدیسیۆس خۆی دەکات بە شــــێت و لە پارچە زەوییەکدا خۆی خەریکی کێڵانی زەوییەکە دەکات. ئەفســەرەکە کە ناوبانگی تەڵەکەبازی ئۆدیســیۆســی بیسـتبوو، منداڵەکەی ئۆدیســـــیۆس هەڵدەگرێت و دەیخاتە بەردەم گاســــنەکان و بەو شـــێوەیە ئۆدیسیۆس دەست لە نمایشی شێتبوونی هەڵدەگرێت.  ئۆدیسیۆس بیست ساڵ لە ماڵەوە دوور دەکەوێتەوە. ئەو مرۆڤێک بوو گەڕۆکبوونی بەسـەردا سەپێنرابوو، کارەکتەرێک بوو حوکمدراو بە گەڕۆکبوون.

بە پێچەوانەی ئەم پاڵەوانە یۆنانییە، لە ئەدەبیاتی سەدەی بیست بەسەرهاتی ئەو مرۆڤانە دەبینینەوە کە هەندێجار بە هەر نرخێک بێت دەیانەوێت لە مــاڵەوە دوور بکەونەوە. ڕەنگە شـــیــاو بێـت گریمــانەی ئەوە بکەین پەیوەندییەک لەنێوان خواســتی مرۆڤەکان بۆ گەشـــتکردن و پێشـــکەوتنە تەکنەلۆجییەکانی سەفەرکردندا هەبێت. ئەوە لە سەدەی بیستدایە مرۆڤ بە ڕێگـای فڕۆکەوە دەتوانێت لە مـاوەی شــــەو و ڕۆژێکدا لە ڕۆژهەڵاتی نـاوەڕاســـــتەوە بە کیشـــوەری ئەمریکـا بگـات. لەدوای جەنگی جیهـانی دووەمەوە هەیمەنەی ئەمریکا بەســــەر زۆربەی ئەو بەشــــەی جیهاندا باڵ دەکێشێت کە ڕاستەوخۆ لەژێر هەژموونی یەکێتیی سۆڤیەتدا نییە. هەر لە دوای جەنگی جیهانیی دووەمەوەیە ئەمریکا وەکو زلهێزێک لەسـەر شـانۆی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکـان دەردەکەوێت، بە جۆرێک لە نیوەی دووەمی سـەدەی بیسـتدا ئەمریکا هەم خواسـتی ئەوەی هەیە کێشـە ناوخۆییەکانی چـارەســـــەر بکـات و هەم جیهـان بەگوێرەی خواســــتی بجوڵێتەوە. لەم قۆناغەدایە هەتا بێت ئەمریکا زیاتر خۆی دەخزێنێتە ناو بەشــــەکانی تری جیهانەوە و ئەمریکاییەکانیش پرســـیاری ئەوەیان لا دروســـت دەبێت ئایا دەتوانرێت لە بەشـەکانی تری جیهان، لە گەڕان و گەشتکردن چی بەدەست بهێنن؟ ئایا هیچ دەرمانێک هەیە لە شــــوێنەکانی تر کە ســــاڕێژی برینە وجودییەکان بکات؟ هیچ حیکمەتێکی نەدۆزراوە هەیە کە چارەسەری کێشە نا-ماتریاڵییەکان بکات؟

له ڕۆمانی "ئاسمانی دالّدەدەر" کە ساڵی ١٩٤٩ بڵاوکراوەتەوە ژن و پیاوێک دەبینینەوە، کیت و پۆرت، کە خەڵکی نیویۆرکن و لە باکووری ئەفریقا و لە مەغریب خەریکی گەشت کردنن. کیت و پۆرت ژن و پیاوێکن هاوسەرێتییەکەیان لە لێواری داڕماندایە و هۆکارێکی گەشتکردنیان ئەوەیە پەیوەندییەکەیان بهێننەوە سەر ڕێچکە. نووسەری ڕۆمانەکە، پۆڵ بۆڵز، هیچ شتێکی وامان لە ژیانی پێشووتری کارەکتەرەکان پێ ناڵێت، نازانین منداڵییان چۆن بووە و لە چ خێزانێکدا گەورە بوون، لە بەرامبەردا، ڕۆمانەکە لە ماناکانی گەڕۆکبوون دەکۆڵێتەوە و وێڵی دۆزینەوەی ئەو وەڵامانەیە کە گەڕان دەکرێت پێمانی بدات. کارەکتەرەکان بە بەردەوامی لە جوڵەدان، ئەمەش داخوازی ئەوەیان لێ دەکات سەرنجیان لەسەر شوێن و کاتی هەنووکەیی چڕ بکەنەوە و هەر کاتێکی زیاتریان لە بەردەستدا هەبێت بۆ پرسە گرنگەکان تەرخانی بکەن، کە لەم بارەدا بۆ کیت و پۆرت پەیوەندییە نامۆبووەکەی نێوانیانە.

کیت و پۆرت دوانزە ساڵ بەسەر هاوسەرگیریاندا تێپەڕیوە و لەو ماوەیەدا سەردانی چەندین شوێنی جیهانیان کردووە. دیار نییە لە هەر یەک لەو گەشتانەدا چەندێک ماونەتەوە، بەڵام گومان دەبرێت هەندێک لە گەشتەکان ساڵ زیاتر درێژەیان کێشا بێت چونکە لە سەرەتاوە پۆرت جیاوازیی لەنێوان گەشتیار (سائح) و گەڕۆک (مسافر)دا دەکات و دەڵێت: "لە کاتێکدا گەشتیار دوای چەند هەفتەیەک یان مانگێک پەلەپەلیەتی بگەڕێتەوە ماڵەوە، کەسی گەڕۆک، کە سەر بە هیچ جێیەک لەو شوێنانە نییە کە سەفەریان بۆ دەکات، بە شێنەیی لەم بەشی جیهانەوە دەچێت بۆ ئەو بەشی جیهان و چەندین ساڵی پێدەچێت." بە لای پۆرت سیفەتێکی جیاکەرەوەی کەسی گەڕۆک تەنها ئەوە نییە فرەگەڕ بێت، بەڵکوو ئەوەیە لە هیچ یەک لەو شوێنانەی سەفەری بۆ دەکات هەست نەکات بە تەواوی لە ماڵەوەیە. پۆرت هەروەها پێی وایە جیاوازییەکی گرنگی تر لەوەدایە گەشتیار بێ ئەملاولا ئەو شارستانییەتەی لێیەوە هاتووە قبوڵ دەکات، بەڵام کەسی گەڕۆک شارستانییەتەکەی بە شارستانییەتی تر بەراورد دەکات و ئەو توخمانەی لە شارستانییەتەکەیدا بە دڵی نییە ڕەتیان دەکاتەوە. لە پەیوەندیدا بەو ڕەتکردنەوەیە پۆرت باسی ئەوە دەکات چۆن لە سەروەختی جەنگدا

(جەنگی جیهانیی دووەم) لە سەفەردا بووە چونکە نەیوستووە بەشێک بێت لە ماشێنی جەنگ کە لەو کاتەدا توخمێکی شارستانییەتەکەی بووە.[1]

هەرچەندە پۆرت تەنها یەکێکە لە کارەکتەرە سەرەکییەکانی ڕۆمانەکە، چونکە بەشێکی بەرچاوی گێڕانەوە بۆ کیت تەرخانکراوە کە کارەکتەری سەرەکیی دووەمە، ئەوە پۆرتە ئومێدێکی لەبنەهاتووی هەیە بەوەی گەڕانیان یارمەتیدەر دەبێت لە باشبوونی پەیوەندییەکەیان، هەروەها پۆرت بڕیاردەری سەرەکییە لەوەی بۆ کوێ سەفەر بکەن و چەندێک بمێننەوە. پۆرت کەسێکە بە خواستی خۆی دەگەڕێت، تەواو بەپێچەوانەی ئۆدیسیۆسەوە، خوداوەندەکان لە پۆرت توڕە نین و پۆرت باوەڕی بە قەدەری پێشوەخت بڕیار لەسەردراو نییە و لە شەڕکردندا نییە بەوەی زوو بگاتەوە ماڵەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، ئەوەی بە بیری پۆرتدا نایەت گەڕانەوەیە بۆ نیویۆرک. تاقە شتێک لە ڕابوردوی پۆرت کە بیرکردنەوە و هەستوسۆزی بە لای خۆیدا ڕادەکێشێت پەیوەندی پێشووتریەتی لەگەڵ کیتدا، ئەو پەیوەندییەی بە هیوای چاککردنییەتی و دەتوانین بڵێین لە پێناویدا خۆی بە دەست مەرگەوە دەدات.

گەر یەکێک لەو بەڵێنانەی گەشتکردن پێمانی دەدات ئەوەبێت مێشکمان بکاتەوە و بیرکردنەوەمان فراوان بکات، ئەو بەڵێنە بۆ هەمووومان دروست نییە و هەندێ جار گەشتکردن دونیابینیمان تەسکتر دەکاتەوە و بەریەککەوتنمان بە خەڵک و کولتووری تر هۆکاری تۆخبوونەوەی پێشداوەریمانە بەرامبەریان. لە ڕۆمانی ئاسمانی داڵدەدەردا دایک و کوڕێکی بەریتانی دەبینین کە بە هەمان شێوەی کیت و پۆرت لە باکووری ئەفریقا خەریکی گەشتکردنن و گەڕۆکن. لە جێیەکدا دایکەکە، خاتوو لایڵ، قسە لەگەڵ پۆرت دەکات و پێی دەڵێت دوو مانگی لە ئیسپانیا بەسەر بردووە کە بە ڕای خاتوو لایڵ جێیەکی نەفرەتییە و پڕیەتی لە "سەرباز و قەشە و جوو." خاتوو لایڵ لە گۆشەنیگایەکی نێگەتیڤەوە سەیری کەسانی جوو دەکات و پێی وایە جووەکان لە پشتی پەردەوە ئیسپانیا بەڕێوە دەبەن. خاتوو لایڵ جووەکان بە کەسانی فریودەر و فێڵزان ناودەبات و بۆ سەلماندنی قسەکەشی نموونەی ئەوە دێنێتەوە چۆن لە شاری کۆردۆبا شەقامێکی لێیە بە ناوی جودێریا کە سیناگۆگی جووەکانی لێیە، هەر بۆیە خاتوو لایڵ لایوایە شوێنەکە دەبێت گیتۆی جووەکان بێت، کەچی ئەو

[1] Bowles, Paul, The Sheltering Sky, 1949, Penguin Modern Classics, MOBI.

کەســـــانەی خاتوو لایڵ لەوێ ڕێی لێیان کەوتووە نکۆڵییان لەوە کردووە جوو بن، پەنجەیـان لە بەرچـاوی ڕاوەشـــــاندووە و هـاواریـان کردووە، "مەســــیحین! مەســــیحین!" کاتێکیش خاتوو لایڵ دەچێتە ســــیناگۆگەکەوە ڕێبەری گەشـتەکە دەڵێت لە سـەدەی پانزەوە هیچ مەراسـیمێکی ئاینی لەوێ سـازنەکراوە، کە ئەمەش وەها باوەڕنەکردەنییە خاتوو لایڵ دەدات لە قاقای پێکەنین.

بیروڕاکانی خاتوو لایڵ سەبارەت بە خەڵکانی سەر بە کولتووری تر جێگای لەسـەر ڕاوەستانن چونکە خاتوو لایڵ گەشتنووسـە، نووسـەرێکە دەربارەی گەشــتەکانی دەنووســێت، کاری ئەوەیە بگەڕێت و ســەرنجی شــێوە ژیانی کەســــــانی تر و خوو و نەریتیـان بـدات و دەربـارەی ئەزموونی خۆی لە گەشـتەکانیدا بنووسـێت، کەچی سـەرەڕای داخوازییەکی پیشـەکەی، بەوەی پێویســــــتی بەوەیە بەهــابەخش نەبێــت و هەوڵ بــدات لە دەلاقەیەکی بــارگــاوینەکراو بە هەســــــتی خۆ بە زلزانی و فووتێکراو ســــــەرنجی هەڵسوکەوتی کەسانی تر بدات، خاتوو لایڵ کەسێکە وشـەیەکی باشـی نییە لەســـــەر کەســـــانی غەیرە ئینگلیز بیڵێت. لای خاتوو لایڵ لە بری ئەوەی کەسـێکی جوو هەبێت، کەسـانی جوو هەن، لە بری ئەوە کەسـێکی عەرەب هەبێت، کەسـانی عەرەب هەن، لای ئەو کەسـانی تر سـەر بە گروپن و تاک نین. خاتوو لایڵ بیروبۆچوونی خۆی دەربارەی کەسانی عەرەب دەردەخات و دەڵێت: "ڕەگەزێکی بۆگەن و ئاست نزمن کە هیچ شتێکیان نییە لە ژیاندا بیکەن ئەوە نەبێت سـیخوڕی بەسـەر ئەوانی ترەوە بکەن." لەو گفتوگۆیەدا لەگەڵ پۆرت خاتوو لایڵ پێی وایە عەرەبەکان، هەروەها فەڕەنســییەکانیش، ڕقیـان لێیـانە، کـاتێکیش پۆرت دەڵێت بە لای ئەمەوە عەرەبەکـان وەکوو کەسانی هاوخەم دێنە پێشچاوی، خاتوو لایڵ دەڵێت، "بە دڵنیاییەوە، ئەوەش چونکە کەســانی فرەقایلکەر و خزمەتچین، پەســنچی و بە دەمەوە هاتوون، بەڵام هەر ئەوەندەی ئاوڕت دایەوە، بە هەڵەداوان ڕێگەی کونســــوڵخـانە دەگرنە بەر."

وەک دواتر دەردەکەوێت، کوڕەکەی خاتوو لایڵ، ئێریک، پاســــپۆرتەکەی پۆرت دەدزێت و پۆلیســــی فەڕەنســــی لە بازاڕی ڕەشــــدا پاســــپۆرتەکە دەدۆزنەوە. بەڵام خــاتوو لایــڵ و کوڕەکەی تــاقە کەس نین تێڕوانینی نابەجێیان بەرامبەر بە دانیشــــتوانەکە هەبێت و پۆرتیش لە بەراوردکاری بەدەر نییە. لە بەشـێکی گەشـتەکەیان پۆرت پەنا دەباتە بەر بەرتیل دان بۆ ئەوەی بلیتی پاســێک بۆ خۆی و بۆ کیت دەســــتەبەر بکات، کاتێکیش کیت

لێی دەپرسێت ئەی چی بەسەر ئەو دوو کەسەدا دێت کە جێگاکانیان داگیر دەکەین، پۆرت لە وەڵامـدا دەڵێـت، "هەفتەیەک بۆ ئەوان چییە؟ بە لای ئەوانەوە کات بوونی نییە." پۆرت لێرەدا ئاماژە بەو تێڕوانینە دەکات کە لە بیـابـانـدا کـات هێواش دەبێتەوە و وەکوو نەبوو وایە، کەوا کـات بە لای خەڵکانی بیابانشـــینەوە گرنگ نییە. لێرەدا پۆرت لە هەمان خاڵدا کورت دەهێنێت کە خاتوو لایڵ تیایدا کورت دەهێنێت، بەوەی دۆخی کەســـەکان وەکوو باری تایبەت و جیاواز لەبەرچاو ناگرن و هەموو تاکەکان لەنێو تۆپەڵێکی ئاسان پێناسەکراودا دەتوێننەوە.

پۆرت پەلەیەتی برێک کات بە تەنها لەگەڵ کیتدا بەسەر بەرێت. هاوڕێیەکیان لەگەڵیاندا بۆ گەشـــتەکەیان هاتووە، تەنەر، وە پۆرت و کیت هەتا بێت لە بانگهێشـتکردنی تەنەر پەشـیمان دەبنەوە چونکە بە لایانەوە هەڵسـوکەوتی ناڕەحەتکەر و تەحەمولنەکراوە. ڕێلێکەوتنی خاتوو لایڵ و ئێریکی کوڕیشی هەرچەندە برێک لە ســـەرگەرمی بە گەشـــتەکەیان دەبەخشـــێت، بە لای پۆرتەوە کات بەســـەربردن لەگەڵیاندا لە ئامانجی گەشـــتەکەیان دووریان دەخاتەوە. پۆرت کەسـێکە بڕوای بەوەیە گەڕان کۆمەکی دەکات ڕوونتر لە ژیانی بڕوانێت. پۆڵ بۆڵز دەربارەی پۆرت دەنووســێت: "هەر کاتێک پۆرت بە ڕێگاوە بوو لە جێیەکەوە بۆ جێیەکی تر دەڕۆیشـــت، لە توانایدا بوو تۆزێک زیاتر بابەتیانەتر تەماشای ژیانی بکات. زۆربەی جار لە گەشتکردندا بە ڕوونی بیری دەکردەوە و بەو بڕیارانە دەگەیشـــت کە ئەگەر لە جوڵەدا نەبوایە نەیدەتوانی پێیان بگات." پۆرت دەیەوێت لە شـــار و شـــارۆچکە گەورەکـان دوور بکەونەوە و زیـاتر بچنە نێو بیـابـانەوە، بە پەلەپڕوزکێ گەشتێک ڕێک دەخات و لە ڕێگا هەتابێت زیاتر تووشی لەرزوتا دەبێت. ئەو گوندەی پێی دەگەن لە پەتایەکەوە گیرۆدە بووە و کیت بڕیار دەدات بڕۆن بۆ گوندێکی ســەر ســنوور و لەوێ کاپتنێکی فەرەنســی برێک دەرمانی بۆ پۆرت پێدەدات و پێی دەڵێت پێدەچێت پۆرت گرانەتـای هەبێـت و هیچ شـــتێکیان لە توانادا نییە بیکەن ئەوە نەبێت شـــۆربای بدەنێ و چاوەڕوانی چاکبوونەوەی بن.

سەرەڕای خراپبوونی دۆخی و دەستکردنی بە وڕێنەکردن، پۆرت هێشتا لە هەوڵی ئەوەدایە لە کیت نزیک بێتەوە. کیت وەکوو دڵســـۆزێک بە دەمییەوە دێت و شۆربا و حەپەکانی دەداتێ و ئاگای لەوەیە بە داپۆشراوی لە جێگادا بمێنێتەوە، بەڵام هیچ ئاماژەیەکی نزیکبوونەوەی بەسـۆزی لێ دەرناکەوێت، تەنانەت لەو سـاتەش کە پۆرت تکای لێ دەکات لە لای بمێنێتەوە و دەستی

بەسەر بەتانییەکەدا دەخشێنێت و کیت دەزانێت پۆرت بەدوای دۆزینەوەی دەستیدا دەگەڕێت، بەڵام لە خۆی ڕانابینێت دەستی بداتێ. کیت لە ڕەتکردنەوەی لە پێدانی دەستی بە ئاگا دێت و بەزەیی بە پۆرتدا دێتەوە و فرمێسک دەزێتە چاوی. پاش تۆزێک پۆرت پێی دەڵێت: "کیت، کیت، دەترسم، بەڵام ئەوە هەموو شتێک نییە. کیت! ئەم هەموو ساڵە من بۆ تۆ ژیاوم. ئەوەم نەدەزانی، بەڵام ئێستا ئەوە دەزانم. بە ڕاستی دەیزانم! بەڵام تۆ وا ئێستا دوور دەکەویتەوە." کیت هاوار دەکات و دەڵێت: "نەخێر دوور ناکەمەوە! ... من ڕێک لێرەم!" وەڵامەکەی کیت وەڵامێکی دروستە دەربارەی نزیکایەتی فیزیکی کیت لە پۆرتەوە، لە کاتێکدا پۆرت دەکرێت ئاماژە بە دوورکەوتنەوەی ڕۆحییانە و هەستەکییانەی کیت بکات. کیت، سەرەڕای ئەوەی لە نزیکی پۆرتە و خەمێتی و دەیلاوێنێتەوە، ئەوەی لە مێشکیدا دەگوزەرێت شتێکی ترە. کیت بە خۆی دەڵێت، "ئەو هەرگیز لە پێناوی مندا نەژیاوە. هەرگیز. هەرگیز." کیت و پۆرت لە پەیوەندییەکی ئازاربەخشدان کە نە دەتوانن بێ یەکتری و نە دەتوانن لەگەڵ یەکتریدا هەڵبکەن. کیت وا دێتە بەرچاو تیادا مابێت و نەزانێت چی بکات، لەگەڵ پۆرتدا مابێتەوە سەرەڕای ئەوەی لە قووڵایی دڵیدا پەیوەندییەکەیان کۆتایی هاتبێت، هەرچیش دەربارەی پۆرتە کەسێکە لە قۆناغێکی تەمەنیدایە کە تاقە ڕۆشنایی لە ژیانیدا ئەوەیە پەیوەندییەکەی لەگەڵ کیتدا چاک بکاتەوە، بە چەشنێک ڕەنگە لە ئاستێکدا چاکنەبوونەوەی لە گرانەتاکەی لە بێهیوابوونی بێت لە باشبوونی پەیوەندییەکەیان و دواجار ئاسانتر بێت بە لایەوە بە کەمهێزییەوە لە ئامێزی مەرگدا لانە بگرێت.

پۆرت لەو گوندەی بیاباندا دەمرێت. ئەو پێش ئەوەی پەنا بباتە بەر بەرتیل دان بۆ دەستکەوتنی بلیتی پاسەکە هەستی بە ناساغی دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا پێداگر بوو لەوەی نزیکەی شەو و ڕۆژێک بە سواری پاسێک لە شارستانیەت و خزمەتگوزاری تەندروستی دوورتر بکەونەوە، بچنە شوێنێکی چەپەک، ئەویش بە ئامانج و هیوای ئەوەی پەیوەندییەکەی لەگەڵ ژنە نامۆبووەکەیدا چاک بکاتەوە. پۆرت لەوپەڕی بێهێزی و نەخۆشیدا دەست بۆ دەستی ژنەکەی دەگەڕێنێت و ژنەکەی بە ویستی خۆی دەست ناخاتە نێو دەستی و دەکرێت بپرسین ئایا ئەو ساتە ساتی بێئومێدبوونی یەکجارەکی پۆرتە؟ ساتی درککردن بەوەی تەنانەت ڕۆیشتن بۆ چەپەکترین گوندی بیابانیش ژیانی ناهێنێتەوە دۆخی پێشتر؟ پۆرت کەسێکە پێویستی بە سەفەرکردنە بۆ ئەوەی ڕاستییەکانی بۆ دەربکەوێت و زاتی بڕیاردانی هەبێت، هەربۆیە دەکرێت بپرسین ئایا لەو گوندە چەپەکەدا ئەو ڕاستییەی

پۆرت لەو دۆخە هەســــتیارەیدا بۆی دەرکەوت وەها توند بوو کە نەیتوانی لەگەڵ نەخۆشـــــییەکەیدا بەرگەی بگرێـت و وای لێکرد خۆی بە مەرگ بسپێرێت؟

دوای مردنی پۆرت، کیت بە تەنها زیاتر ڕۆدەچێتە قووڵایی بیابانەوە و ڕێی لە کاروانێکی بازرگانی دەکەوێت و وەها لە هێز و لە ویست دادەبڕێت خۆی دەدات بە دەست هێڵێکی تاریکی ژیانەوە و بۆ ماوەیەک لە ڕۆڵی ژنی کەســـێکدا خۆی دەبینێتەوە. کیت وردە وردە لە دۆخی دەروونی خۆی بە ئاگا دێتەوە، لەو ماڵەی تیایدا دەستبەسەرە هەڵدێت و دەکەوێتە پەیوەندیی لەگەڵ کونسـوڵخانەی ئەمریکایی و کارمەندێکی کونسـوڵخانە لە فڕۆکەخانە پێشوازی لێ دەکات. لە میانەی ڕۆیشتنیان لە فڕۆکەخانەوە بەرەو ئوتێلێک، کــارمەنــدەکە بۆ خولەکێـک لە دەرەوەی ئوتێلەکە کیـت بە تەنهـا لە تەکســـییەکەدا بەجێ دەهێڵێت و کاتێک دەگەڕێتەوە کیت لەوێ نەماوە و ڕۆمانەکە کۆتایی دێت.

دیارنەمانی کیت هاوشـــــان بەوەی هیچ شـــتێکی ئەوتۆ دەربارەی ژیانی پێشـــووتری کیت و پۆرت نازانین وا دەکات چەقی قورســـایی گێڕانەوە لە بری ئەوەی لە ڕابوردوو یان داهاتوودا بێت، لە ئێستادا بێت. ئەوەی گرنگە گەشتەکەیان و پرۆسەی گەشتەکەیانە، ئەو ڕووداوانەیە بەسەریاندا دێت و دەرگیربوونی کیت و پۆرتە لەگەڵ ڕووداوەکان و تێڕامانیانە بۆ ژیانیان، نەوەک لە کوێوە هـاتوون و داهـاتوویـان چۆنە. ئەم ئێســـتاییبوونە، ئەم ناوەڕاســـتبوونە، بارگاوییە بە تێڕوانینێک بۆ ژیان کە لە شـــارســـتانیەتی خۆرئاوادا، بە تایبەتی لە کولتووری ئەمریکاییدا، لە ســـەدەی بیســـتەوە بە شێوەیەکی بەرفراوان خۆی بە ژیانی تاکەکاندا دەکات.

لە ئۆدیسەی هۆمیرۆسدا دەبینین کە ئۆدیسیۆس سەر بە جیهانێکە مرۆڤ و ڕووداوەکان ســـەرەتا و کۆتاییان هەیە، کە گرنگە ســـەرەتا و کۆتاییان هەبێت چونکە بەبێ ســـەرەتایەک و کۆتاییەک ژیان مانایەکی نییە. بەڵام لە نیوەی دووەمی ســـەدەی بیســـتدا تێڕوانینێکی تر لە ژیانی ئەمریکاییدا ســـەرمەشـــق دەکەوێت. لە ڕۆمانی ئاســـمانی داڵدەدەردا کارەکتەرەکان ســـەرەتا و کۆتاییان نییە، تەنانەت مەرگی پۆرتیش وەکو پرۆســـەیەک مـامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و هەر لەگەڵ مردنیدا کیت لاشـــەکەی بەجێ دەهێڵێت و لە بیاباندا خۆی ســـەرنگوم دەکات و هیچ توخنی پرســـە و

پرسـەخوازی ناکەوێت. ئەوەی گرنگە ناوەڕاسـتە، ناوەڕاسـتی ڕووداوەکان، ناوەڕاستی پرۆسەکان، ناوەڕاستی قۆناغەکان، ئەوەی گرنگە بەردەوامییە.

ژیل دۆلوز ئەو بیرمەندەی نیوەی دووەمی سـەدەی بیسـتە کە سـەرسـامی ناوەڕاســـــتبوونە. لە کتێبی دیالۆگ لەگەڵ کلێ پارنێدا، دۆلوز دەڵێت: "ئەوە هەرگیز ســـەرەتا و کۆتایی نییە کە جێگەی ســـەرســـامبوونن، ســـەرەتا و کۆتایی پنتن. ئەوەی مایەی سـەرسـامبوونە ناوەڕاسـتە." دۆلوز بیرمەندی پرۆسـەیە نەک پنت. لە فەلسـەفەی خۆراوادا ویستێکی بەرچاو هەیە بۆ پنت دانان و ژمارەیەک لە زەبەلاحەکانی فەلسەفە لە وێنەی ئەفلاتوون، دیکارت، کانت و هیگڵ لەوانەن لە هەوڵی پنت داناندا بوون، لە پنتێکەوە دەســـــتیان پێکردووە و تێڕوانینیـــان بە چواردەوری ئەو پنتەدا داڕشـــــتووە، بە پرەنسیپێکەوە گرتوویانە و دەستبەرداری نەبوون، سیستەمەکەیان سەرەتا و ناوەڕاسـت و کۆتایی هەیە و جیهانیان خزاندۆتە ناو سـیسـتەمەکەیانەوە. دۆلوز بە پێچەوانەی ئەم ڕەوتە ئیش دەکـات و بیر دەکـاتەوە. هۆکـارێکی ئەوەی دۆلوز ســــــەرســــــامی ئەدەبیاتی ئەمریکاییە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە بەشـێکی زۆری ئەو ئەدەبیاتە کاری بە پنت دانان و سـەرەتا و کۆتاییەوە نییە و پرۆسـەبوون و ناوەڕاستبوون و تێپەڕبوون بە لایەوە پرسیارە.[2]

پرسـی ناوەڕاستبوون لای دۆلوز ڕاستەوخۆ بەستراوە بە چەمکێکی تر کە ئەویش هێڵی هەڵهـاتنە. دۆلوز جۆرێکی هەڵهـاتن دەبەســـــتێتەوە بە بەجێهێشـــــتنەوە، بە خۆلادانەوە، بە کێشـــانی هێڵەوە. بە لای دۆلوز کاتێک کەسێک دەڕوات و شتگەلێک بەجێ دەهێڵێت، ڕەنگە وەها لێک بدرێتەوە ئەو کەسـە لە لێپرسـراوێتی هەڵدێت و لە جیهان ڕادەکات و ئەوەش ترسـنۆکییە، بەلام بە لای دۆلوزەوە هەڵهاتن کارێکی پاسـیڤ و پەچەکردار نییە، بەڵکوو کارێکی چالاکە. هەڵهاتن بە لای دۆلوزەوە "کێشـانی هێڵە، کێشـانی چەندین هێڵ و نەخشـەسـازییە. ئێمە جیهانەکان تەنها لە ڕێگای هێڵی درێژی پچڕاو کەشـــف دەکەین." لە پەیوەندیدا بە ئەدەبیاتەوە دۆلوز پێی وایە ئەدەبیاتی ئەمریکایی "هەردەم داپچڕانمان بۆ وێنا دەکات، ئەو کارەکتەرانەی کە هێڵی هەڵهاتنیان دەخولقێنن." بەلام هەڵهاتن و سـەفەرکردن هەمان شت نین. ئێمە دەکرێت ســـــەفەر بکەین و لەگەڵ خۆمـانـدا ئەو کەلەپوور و تێڕوانینـانە هەڵبگرین کە پێش سـەفەر لەگەڵماندا بوون و شـوناسـیان پێداوین (خاتوو لایڵ بە نموونە لە ڕۆمانی ئاســـــمانی داڵدەدەر)، دەکرێت لە وڵاتێکەوە بۆ

---

[2] Gilles Deleuze, Claire Parnet, Dialogues, Flamarion, 1996.

وڵاتێکی تر بڕۆین و هیچ شــــتێکی نامۆ و نەناســــراو نەبینین. تەنانەت هەڵهاتنیش لە خۆیدا ناڕوونە و دۆلوز پێی وایە لە هەندێک هەڵهاتندا دەکرێت بەر هەمان ئەو شــــتانە بکەوینەوە کە لێی هەڵهاتووین، لە بری ئەوەی لەســــەر هێڵی هەڵهاتن دابڕانێک دروســــت ببێت. دۆلوز جیاوازی لەنێوان تێڕوانینی فەرەنســــی بۆ جیهان دەکات و پێی وایە تێڕوانینێکی درەختئاســــایە، بەوەی گرنگییەکی زۆر بە ڕەگ و ڕەچەڵەک و ســــەرەتا دەدات، لە کاتێکدا تێڕوانینی ئەمریکایی تێڕوانینێکە لە گیای بژار دەچێت. گیای بژار لە ناوەڕاســــتی شــــتەکان و هێڵەکانەوە ســــەر دەردێنێت و بێ ئەوەی ڕەگبوونی پرســــیار بێت خۆی دەبێت بە هێڵی هەڵهاتنی خۆی. لە کاتێکدا ئۆدیســــە بە پێکگەیشــــتنەوەی ئۆدیســــیۆس بە ژن و کوڕەکەی و دامرکانەوەی تووڕەیی خوداوەندەکان کۆتایی دێت، ڕۆمانی ئاســــمانی داڵدەدەر بە مردنی پۆرت کۆتایی نایەت و کیت بەردەوامە لە ژیانی و هێڵی هەڵهاتنی خۆی دادەڕێژێت. بەپێچەوانەی ئەو کولتوورانەی تیایدا مەرگی هاوژینێک ئەوە دەگەیەنێت هاوژینی لە ژیندا ماوە هەتا مابێت دەبێت لە پرســــەدا بێت، مەرگی پۆرت نابێت بە پنتێک کە بە چواردەوریدا ژیانی کیت و کەســــانی تر بە چواردەوریدا دابڕێژرێت. دۆلوز دەڵێت: "خاڵی ســــفری ئینگلیزی هەمیشە لە ناوەڕاستدایە. خنکاندنەکان هەمیشە لە ناوەڕاستدان. ئێمە لە ناوەڕاســــتی هێڵێکداین و ئەوەش ناڕەحەتترین دۆخە. ئێمە لە ناوەڕاستەوە دەستپێدەکەینەوە." (ل.٥٠)

دۆلوز لە خوێندنەوە و تێگەیشتنمان بۆ دونیا یارمەتیدەرە چونکە بەشێکی ئەوەی دەربارەی گرنگبوونی ناوەڕاستبوون دەیڵێت لە ژیانی نووسەران و هونەرمەنداندا دەبینرێتەوە. نووســــەران و هونەرمەندان بە توندی بەر ســــەرەتا و کۆتایی دەکەون، بە لای ژمارەیەکی زۆریانەوە ســــەرەتا و کۆتاییی پرۆژەیەک چەندێک هیوابەخش و وزەپێدەر و خرۆشێنەر بێت، لە هەمان کاتدا لەرزهێن و گومانپێدەرن و ســــکپڕن بە ئەگەری شــــکســــت و داڕمان. هەر بۆیە بە لای زۆربەیانەوە بەنرخترین و لەیادنەکراوترین کات ناوەڕاستە، ناوەڕاستی نووسینی کتێبێک و ناوەڕاستی کارکردن لە ئیشێکی هونەری. لە لایەکی دی، ناوەڕاستبوون لە سەردەمی ئێستادا وردە وردە لەوە دەرچووە تەنها لە کولتووری ئەمریکاییدا بوونی هەبێت و خۆی ترازاندۆتە زۆر بەشی تری جیهان. لە سەردەمی ئێستاماندا دەبینین چۆن مرۆڤەکان خۆیان بە سەرەتاکان و کۆتاییەکانەوە گرێ نادەن و هەمیشە لە ناوەڕاســــتی شــــتێکدان، لە پرۆژەیەکەوە دەچنە ســــەر پرۆژەیەکی تر، لە شــــارێکەوە دەگوازنەوە بۆ شــــارێکی تر، پیشــــەیەک بە پیشــــەیەکی تر

دەگۆڕنەوە، لە فێربوونی زمانێکەوە دەســـت دەکەن بە زمانێکی تر، لە خولیایەکەوە بۆ خولیایەکی تر، لە ســەیارەکەوە بۆ مۆدێلکی تر، لە هاوژین و یارێکەوە بۆ یەکێکی تر. بێگومان ئەمە ئەوە ناگەیەنێت زۆرینەی ئەو گواســتنەوانە ســەرکەوتوو دەبن و ئارامی و خۆشــی بە ژیانی کەســەکان دەبەخشـــن. توانا و وزەی مرۆڤ بە هەڵکشـــانی تەمەن لە کزی دەدات و هەندێک نەگۆڕ هەیە کە پێویســتن بۆ هەبوونی شــوناس. ناوەڕاســتبوون لە ئێســتادا لە خواســتێک و پێداویســتییەکی ســەردەمیانە دەکات، ویســتی خەریکبوون بە شتی نوێوە چونکە نامانەوێت خۆمان بەو شتانە ببەستینەوە کە ڕوویانداوە و کۆتاییان هاتووە و دەمانەوێت بەردەوام لە پرۆســـە و لە نــاوەڕاســـتدا بین، هەروەهــا خێرابوونی گۆڕانە تەکنەلۆجییەکــانیش پێویســـتییەکیان هێناوەتە ئاراوە کە هەمیشـــە ئامادەبین بۆ فێربوون، بۆ وەلاخســـتنی بەرنامەیەک و بەکارهێنانی بەرنامەیەکی نوێ و بۆ بەردەوام ســـەیرکردنی زنجیرە تەلەڤزیۆنییە باوەکان چونکە ئەگەر لە ناوەڕاســـتی زنجیرەیەکدا نەبین شـــتێکمان پێ نابێت لە دیالۆگی کۆمەڵایەتیدا بەکاری بهێنین.

گەڕۆکبوونی مرۆڤ بە تەنها پێکنەهاتووە لە ســـەفەر بۆ وڵاتانی بیانی و کۆچی درێژخایەن، بەڵکوو کردەیەکی ڕۆژانەیە. هەر لە ســـکەخشـــکێ و گــاوڵکێی منــداڵەوە هەتــاوەکو پێگرتنی منــداڵ و ڕاکردنی و هەڵزنــانی بە درەختدا، دەبینرێت مرۆڤ بوونەوەرێکی جێ بە خۆ نەگرتووە، خۆی بە ناو جیهاندا دەکات و دەیەوێت دەرەوە و شــوێنی جیاواز ببینێت. ڕۆمانییەکان خواوەندێکیان هەبووە بە ناوی ئەبیۆنا کە لە هەمان کاتدا پارێزگاری لە هەنگاونانی منداڵان و لە گەڕۆکان دەکات چونکە لای ڕۆمانییەکان پێگرتنی منداڵ ئاماژە بووە بە دابڕان و دوورکەوتنەوەی لە ماڵەوە و بە سەفەرکردن. لە فۆلکلۆری یابانیشــدا و لە بەشــێکی بودیزمدا خوداوەندی جیزۆ هەیە کە لە هەمان کاتدا پارێزگاری لە دایکانی دووگیان و نەوەکانیان و کۆچەران دەکــات. مرۆڤ مەحکومە بە جەســـتەیەک کە لەژێر جەبری جوڵەدایە. ماسولکە و جومگەکانی مرۆڤ بە نەجوڵان دەپوکێنەوە و دوای پێکان و لە جێگادا کەوتن و زیان گەیشـــتن بە ماســـولکە و جومگەیەک یەکێک لە کــاریگەرترین ڕێگــاکــانی چــاکبوونەوەوە کە دکتۆرەکــان جەختی لەســـەر دەکەنەوە ئەوەیە لەگەڵ پشـــوو وەرگرتنــدا کەســـەکە لە چــالاکی و لە وەرزشـــکردن و جوڵە بەردەوام بێت. ڕێکردنێکی ڕۆژانەی ســـی خولەکی ناسراوە نەک هەر سوودی جەستەیی هەیە، بەڵکوو ڕێگایەکیشە بۆ تووش نەبوون بە نەخۆشـــی دەروونی و هەســـتکردن بە ئارامی و بە کامەرانی.

جەستەی مرۆڤ بونیاد نراوە لە جوڵەدا بێت و هەر زیانێک و زەبرێک کە ڕێگری لە جوڵەی بکات، بۆ نموونە لە کاتی ڕووداوێک کە کەمتوانایی لێ بکەوێتەوە، مرۆڤ دەخاتە بەردەمی ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشی دەروونی لە نمونەی خەمۆکی و لە هەندێ باردا کەمتوانایی و خەمۆکی دەبنە پاڵنەری خۆکوژی.[3]

ئەستەمە لە ویستی مرۆڤ بۆ گەڕان کەمبکرێتەوە. کولتووری سەیارە بووە بە یەکێک لەو کولتوورە باوانەی هەتا بێت لە برەو پەیدا کردندایە چونکە لێخوڕینی سەیارە جیا لەوەی بۆ زۆرێک هۆکارێکی هاتوچۆ و بژێوی پەیدا کردنە، پیشەوەرانی پیشەسازییەکە گفتی ئەوەمان دەدەنێ هۆکارێکیشە بۆ تۆخکردنەوەی ئازادیمان. ئازادیی هاتوچۆکردن و شوێنگۆڕین بەندێکی جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤە و لە زۆر دەستووری وڵاتاندا باس دەکرێت. جێی سەرنجە کە مرۆڤ تاقە بوونەوەر نییە ئازادیی هەڵبژاردنی ژینگەکەی بە لایەوە ئەولەویەت بێت. ئەو ئاژەڵانەی لە باخچەی ئاژەڵاندا دەژین بەئاگان لەوەی لە هەلومەرجێکی سەپێنراودا دەژین و ئەگەر ئاژەڵەکان لە باخچەیەکی ئاژەڵان لە دایک نەبووبن و گەورە نەبووبن، یان باخچەی ئاژەڵانەکەیان هێندە فراوان نەبێت و بەرنامەیەکی تۆکمە و ژینگەدۆست و ئاژەڵدۆست نەبیات بەڕێوە، ئەوا هەمیشە ژمارەیەک ئاژەڵ هەن هەوڵی ڕاکردن دەکەن و نموەنەی سەرکەوتووی ڕاکردنی ئاژەڵ لە باخچەی ئاژەڵان لە سەرتاسەری دونیادا بینراوە.

گەڕان و هاتوچۆ و شوێنگۆڕین تەنانەت لەو بارانەشدا کە ناخرێنە بەر جێبەجێکردنەوە، کە کەسانێک هەن بە دەگمەن ماڵەوە و گەڕەک و شارەکەیان بەجێ دەهێڵن، هێشتا پێویستە وەکوو ئەگەرێک بمێننەوە چونکە سنووردارکردنیان وەکوو دەستدرێژی بۆ سەر ئازادی لێکدەدرێتەوە. ئەگەر لە سیستەمێکی دادوەریدا سەختترین سزا مەرگ بێت، دووەمین سزای سەخت دوای مەرگ زیندانی هەتاهەتاییە. لە ئێستادا لە زۆر وڵاتدا زیندانی هەتاهەتایی هەڵوەشاوەتەوە و لە بریدا درێژترین ماوە لە زینداندا بە ساڵ دیاری کراوە، بەڵام ئەوەی زیندانی درێژمەودا سەختترین سزایە ئەوە دەردەخات چۆن ئەو سیستەمانە بۆ چاوترسێنکردن و ساردکردنەوەی هاوڵاتیانیان لە تاوانکاری بە دۆخێک سزای تاوانکاران

---

[3] کەمتوانایی بە لای منەوە دەستەواژەیەکی گونجاوترە لە کەمئەندامی. کەسانی کەمئەندام لە زۆر باردا کێشەی نەبوونی ئەندامی جەستەیان نییە، بەڵکو تووشی دژواریی دەبنەوە لە بەکارهێنانی ئەندامێکی جەستەیان. هەروەها، لە ئێستادا هەندێک نەخۆشی دەروونی مرۆڤ تووشی کەمتوانایی دەکەنەوە و لە هەندێک وڵات ئەو کەسانە وەکو کەسانی کەمتواناى جەستەیی مافی دەستپێڕاگەیشتنی خزمەتگوزارییان هەیە.

دەدەن کە مەحاڵە هیچ کەسێک بە ویستی خۆی و بە خۆشحاڵی و بەئاگاییەوە پێ بخاتە ناویەوە. ئەحمەد ئەڵتانی نووسەر و ڕۆماننووس لە ساڵی ٢٠١٦ دوای کودەتا شکستهاتووەکەی تورکیا دەستگیر دەکرێت و لە ساڵی ٢٠١٨ بە تۆمەتی هاندانی کودەتا بە زیندانی هەتاهەتایی حوکم دەدرێت. لە دوای ئەو بڕیارە ئەحمەد ئەڵتان دەست دەکات بە نووسینی یادەوەرییەکانی کە دواتر بە چەند زمانێکی بیانی لەژێر ناوی "هەرگیز جیهان نابینمەوە" بڵاو دەبێتەوە و لەو کتێبەدا ئەحمەد ئەڵتان تیشک دەخاتە سەر ژمارەیەک لەو خاڵانەی وا دەکەن زیندان نەخوازراوترین ژینگە بێت مرۆڤ تیایدا ژیان بەسەر بەرێت. ئەو دەنوسێت:

"هەرگیز جارێکی تر ناتوانم ماچی ئەو ئافرەتە بکەم کە خۆشم دەوێت، ناتوانم منداڵەکانم لە ئامێز بگرم، هاوڕێکانم ببینم، بە جادەکاندا پیاسە بکەم. چیدیکە ژوورێکم نابێت تیایدا بنووسم، ئامێرێکم نابێت پێی بنووسم، کتێبخانەیەکم نابێت دەستم پێی بگات. ناتوانم گوێ لە پارچە مۆسیقایەکی کەمانچە بگرم، گەشتێک بکەم، بە دوکانی کتێبفرۆشەکاندا بگەڕێم، لە سەمونخانەیەک سەمون بکڕم، چاو لە دەریا یان لە داری پرتەقاڵێک ببڕم یان بۆنی بەرامەی گوڵ و گیا و باران و زەوی بکەم. ناتوانم بچم بۆ سینەما. ناتوانم هێلکە بە سۆسجەوە بخۆم، پێکێک شەراب بنۆشم، یان بچم بۆ ڕێستۆرانتێک و داوای ماسی بکەم. ناتوانم سەیری خۆرهەڵاتن بکەم. ناتوانم تەلەفون بۆ هیچ کەسێک بکەم و هیچ کەسێک ناتوانێت تەلەفونم بۆ بکات. ناتوانم بە دەستی خۆم دەرگایەک بکەمەوە. جارێکی تر لە ژوورێکدا خەبەرم نابێتەوە کە پەردە بە پەنجەرەکەیەوە بێت...
لە ئێستا بە دواوە کەسانی تر بڕیار دەدەن چی بکەم، لە کوێدا بوەستم، لە کوێدا بخەوم، کەی لە خەو هەستم، ناوم چی بێت.
هەمیشە بڕیارم بەسەردا دەدرێت. "ڕاوەستە."، "ڕێ بکە."، "بچۆ ژوورەوە."، "باڵت بەرزەوە بکە." "پێڵاوەکانت دابکەنە." "قسە مەکە."" (ل.٩-١٠)[4]-[5]

لە سەرەتای ٢٠٢٠وە هەتاوەکوو ئەم ساتە پرسی ئازادیی هاتوچۆ و شوێنگۆڕین و گەڕان بە توندی هەموو سووچێکی گۆی زەوی گرتۆتەوە. پەتای کۆڤید زریانێکە ئەو جیهانە ئاڵۆزەی وروژاند کە تیایدا دەژین و هەر

---

[4] ئەحمەد ئەڵتان لە ساڵی ٢٠٢١ بە بڕیاری دادگای پێداچوونەوە ئازاد دەکرێت

[5]:Altan, Ahmet, I Will Never See The World Again, translated by Yasemin Çongar, New York : Other Press, 2019.

ماوەیەک و بە گوروژمێکی نوێ و جیاوازەوە بەرمان دەکەوێت. هەر لە سەرەتاوە پەتاکە دوو پرسی بە گژی یەکدیدا کرد کە هەردووکیان پێداویستی سەرەکین، ئەویش پرسی تەندروستی و پرسی ئازادیی هاتوچۆ بوو. پێم وایە ئەوەی فەیلەسوفی ئیتالّی جۆرجیۆ ئاگامبینی دژ بە کەرەنتین و داخستنی شوێنە گشتییەکان هێنایە دەنگ ترسی بوو بەرامبەر هاتنەئارای سەردەمێکی نوێ و جیاوازەوە کە بە فەیلەسوفە ٧٨ ساڵەکەمان نامۆ بوو، سەردەمێک کە بۆ ماوەیەک خێزانەکان نەیاندەتوانی مردووەکانیان بنێژن و دەسەڵاتداران لاشەکانیان دەسووتاند. هاتنەدەنگی ئاگامبین ئاگادارکردنەوەیەکیش بوو کە مەترسی ئەوە هەیە چیدیکە وەکوو مرۆڤ لە یەکتری و دراوسێ و خەڵکانی تر نەڕوانین، بەڵکوو وەکوو ڤایرۆسپێدەر و پەتاپێدەر مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین. نارەزایی دەربڕینی ئاگامبین دژ بەو ڕاستییەش بوو کە دروست نییە بەبێ ڕەخنە و پرسیارلێکردن لە حکومەت و دەسەڵاتی قبوڵ بکەین پێمان بڵێن چۆن بژین و چی بکەین و چی نەکەین و کێ سەلامەتە و کێ نەخۆشە.[6] لە بەرامبەر نارەزایەتی هاوشێوە کە لە لایەن زۆر گرووپی سەربەخۆ و ڕاسترەوەوە بینران و دەبینرێن، لیبراڵخوازەکانی خۆراوا بە ڕێزەوە گوێیان ڕاگرت، بەڵام ئاماژەیان بە تایبەتمەندێتیی دۆخەکە و سەروەری یاسا و پێویستیی هەبوونی متمانە بە دامەزراوە گشتییەکان کرد. لەم بەرەیەدا فەیلەسوفی ئوسترالّی "پیتەر سینگەر" داوای ئەوە دەکات ڤاکسین وەرگرتن بە زۆرەملێ بێت، هەروەک چۆن لە ئێستادا بەستنی قایشی سەلامەتی لە سەیارەدا بە یاسا دەسەپێنرێت. سینگەر دەڵێت لە سەرەتادا کەسانێکی زۆر قایشی سەلامەتییان نەدەبەست، سەرەڕای هەبوونی چەندن هەڵمەتی وریاکردنەوە، هەتاکوو ئەو کاتەی بەستنی قایشی سەلامەتی بە یاسا سەپێنرا و لە ئێستادا جێگای سەرسوڕمانە کەسێک بێت و بڵێت بەستنی قایشی سەلامەتی دەستدرێژییە بۆ سەر ئازادییەکانم. سینگەر دەڵێت پرسی قایشی سەلامەتی و خۆکوتان لەو پرسانەن کە دەبێت دەسەڵاتێک بیانسەپێنێت چونکە زۆربەمان گوێ بەو مەترسییە بچوکانە نادەین کە دەکرێت کارەساتیان لێ بکەوێتەوە.[7]

---

[6] Caldwell, Christopher, Meet the Philosopher Who Is Trying to Explain the Pandemic, Sep 03, 2021. https://www.nytimes.com/2020/08/21/opinion/sunday/giorgio-agamben-philosophy-coronavirus.html

[7] Singer, Peter, Sep 03, 2021. https://www.project-syndicate.org/commentary/why-covid-vaccine-should-be-compulsory-by-peter-singer-2021-08

بڕێک لە ئاڵۆزییەکانی ئێستا لە ڕاگرتنی هاوسەنگییەکدایە لەنێوان پیادەکردنی ژمارەیەک هەڵبژاردن و ئازادیدا بێ زیان گەیاندن بە کەسانی تر، لەگەڵ ژیانکردن لە چوارچێوەیەکدا کە دەخوازێت هەتا بتوانێت ئەگەری مەترسی و نەخۆشکەوتن و مردن کەمبکاتەوە و نەیانهێڵێت. ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە قەدەغەکردنی هاتوچۆ و سەفەرکردن هەمان شت نییە گەر حکومەت سبەینێ لیمان قەدەغە بکات ئایسکریم بخۆین. گەر حکومەتێک ئایسکریم خواردنمان لێ سنووردار بکات و ئەوانەمان شەرمەزار بکات کە ڕێز لە ڕێساکانی ئایسکریم نەخواردن ناگرین، بەرامبەر بە حکومەتێک کە هاتوچۆ و گەڕانمان لێ قەدەغە دەکات، هاوار و تورەیی و بێزاریی ئەوانەمان کە دژ بە قەدەغەکردنی هاتوچۆ و گەڕانین زۆر لەوانەمان زیاتر و درێژخایەنترە کە دژی قەدەغەکردنی ئیسکریم خواردنین. پرسی قەدەغەکردنی گەشتکردن دۆخێکی ئاڵۆزی هێناوەتە ئاراوە کە تیایدا کەسانی گەڕۆک نەک هەر خەمی ئەوەیانە چۆن سەفەر بکەن و لە شوێنی تر بژین و بمێننەوە، بەڵکوو وەکو ئۆدیسیۆس لە خەمی ئەوەشدان چۆن بتوانن بگەڕێنەوە بۆ ماڵەوە. ئەوەی لە ئێستادا لەژێر پرسیاردایە یەکێک لە خەسڵەتەکانی گەڕۆکبوونە کە پردسازییە. کەسانی گەڕۆک پردسازن. ئەوان دوو شوێن یان زیاتر پێکەوە دەبەستنەوە. بە هۆی کەسانی گەڕۆکەوە پەیوەندیی یەک جەمسەر یان دوو جەمسەر مسۆگەر دەبێت. کەسانی گەڕۆک لە هەمان کاتیشدا بوونەوەری تۆو چێنن و وەکوو ئەو هەنگانە وەهان کە ئەم گوڵ و ئەو گوڵ دەکەن و گوڵەکان دەپیتێنن. ئەوان لەسەر هەر سەرزەمینێک بۆ ماوەیەک دەمێننەوە و گونجاوێتی شوێنەکە و کولتوورەکە لەگەڵ هەڵکەوتەی کەسێتییاندا بەراورد دەکەن و هەندێ جار دەست بە جێگیربوون دەکەن. ئەوە تەنها گەڕۆکە یاخییەکانن کە لە هیچ جێیەک نامێننەوە، ئەوانەی کە تەنانەت دوای ئەوەی بە خاکێک ڕاهاتن و بەرووبوومەکەیان چنییەوە، دوای ماوەیەک هەر دەڕۆن، چونکە دەزانن خاکی تر هەیە و ئارەزووی ئەوان بۆ تاقیکردنەوەی ژیان لە سەرزەمینی تر بێسنوورە.